**عەبدوڵڵا سەمەدی**

## پەردە

نەمدەزانی ڕۆژگار دێوجامەی سروشتی ڕازاندۆتەوە بە مانگ، بە ئەستێرە، بە خۆر، بە گوڵ، بە دار. بە کێو، بە ڕووبار و چەم و کانی. بە تاڤگە و دۆڵ، بە ئافرەت... و لەو بەر پەردەی گولگولێنەوە مردووشۆرخانەیەکی بۆگەنی ڕۆناوە. نەشمدەزانی من لەکوێوە پەیدابووم؟ چۆنم ڕێتێکەوت و دەستمکرد بە گوڵچنین و پێکەنین؟!

بە دەم گۆرانییەوە پێم لە سەوزەگیا دەنا و لە دەم گۆلێکی مەند و شین ڕادەوەستام و بەردی پانم دەدۆزییەوە و تەقڵەم بە سەر ئاودا پێلێدەدا. بە ژێر تارای تیشك و سێبەری باغدا هەنگاوم دەنا و دەستم بۆ میوەی سوور و شین دەبرد. خۆم وەبەر بارانی پێدەشت دەدا و لە ژێر پرچەکانی شۆڕەبییا وچانم دەگرت و ئامێزم لە ئەستوونی کۆلکەزێڕینە وەردێنا. لە سەر گابەردی دوندا ڕوو وەو ئاسۆ دادەنیشتم و لە ژێر تیریژی ئاڵی تاوپەڕان لە شەپۆلی کەروێشکەی گەنمم دەڕوانی.

نەشمدەزانی بۆ؟ کەی؟ و چلۆن ڕێم کەوتە بەر دەم ئەو ڕاوچییە درۆزنە ساختەچییە؟!

* * *

کاتێك وەخۆ هاتمەوە هەر ئەوەندە زانیم لە هەڵدێرێکی پڕمەترسیدام و دەستم بە پنچکێکی لاواز گرتووە و خڕکەبەردی بن پێم یەك‌یەك و دوو دوو دەترازێن. ئیدی جێگەی چ هەوڵ و تەقالایەك نەمابوو. وەك ئەو بێچوە ئاسکەی لە بەرامبەر پڵینگێکی تووڕە و برسیدا دەست لە گیانی خۆی دەشوا و ڕادەوەستێ، لە بەرامبەر دێوجامەی خوێناویدا ڕاوەستام.

*- کورسی بێدەنگی بە ژیتارێکی شلەوە سروودی کۆتایی‌دەچڕی -*

سەرم هەڵبڕی و بۆ دوایین جار لەم پەردەیەم ڕوانی؛ بایەکی گەرم لە ئێوارەیەکی مردوودا وردە شەپۆل گنجاوی دەکرد و دەیلەراندەوە. جێگا فلچەیەکی ناشیانە، خۆرێکی نالەبار و دوو سێ پەڵە هەوری چڵکن و شاخ و چۆم و دارێکی ناتەرزی لە سەر جێهێشتبوو.

سەرم بەرداوە، چاوم بە پلووکە بەردێك کەوت کە بستێك ئەوبەرتر لە بەر پێم کەوتبوو. داهاتمەوە و دەستمدایە. ڕاست و چۆپ، هەموو هێزم لە باسکمدا کۆکردەوە و پەنجەکانم تێکبەزاند و لە پەردەکە ڕاسام، کەچی پلووکەبەرد لە دەستمدا پووچایەوە! ئەنگوتکێك کاغەز و چرێش بوو کە بۆ هەڵخەڵەتاندن ساز کرابوو و لەوێ فڕێ درابوو!

تفی من و گرمەی ڕاوچی لە چرکەیەکدا لەدایك بوون و مردن..